Kurdistannet کوردستان نێت

# زۆر بەڕێز کاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێری پایتەخت

دلاوەر قەڵادزەیی

سڵاوێکی گەرم و هیوام سەرکەوتنتانە

دیارە خەبات و تێکۆشان بە پێی سەردەمەکان دەگۆڕێ ،جاران دەبوایە روو لە چیا بکەیت و سینگت بدەیتە بەر گوللەو ،حەزرەتی ناو ماڵ و منداڵی خۆت بوایت و دایك و باوکو خوشك و براو خێزان و منداڵیشت هەر رۆژەی لە کۆڵانێك بوونایە ،نەوەك عەقید حەمیدێکی وەکو باوکی نەبەزی قایمقامی دەشتی هەولێر(سەرتان سوورِ نەمینێ بوختانم نەکردووە) بیانداتە دەست بەچکە ئەمن وموخابەراتی بەعس.

بەڵام کاك نەوزادی پارێزگار ئەمڕۆ خەبات و تێکۆشان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە،زۆر ئاسانتر بووە،ئەگەرچی لە جەوهەردا هیچی لەو پێشمەرگە کۆنە کەمتر نییە کە دەچووە چیاو منداڵەکانی خۆی بەبێ ساحێب ولەناو سەگە هارەکانی بەعس بەجێدەهێشت.

کوردایەتییەکەی ئێستا ئاسانە چونکە تینوو و برسی نابیت و،گیانی خۆت و ماڵ و منداڵیشت ناکەوێتە خەتەرەوە، لای خەڵکیش خۆشەویستتر دەبیت، تەنها ئەگەر هەڵوێستێکی نیشتمانییانە وەربگریت، تەنها ئەگەر ئامادە نەبی کورِە ئەنفالچییەك کە ساحێبی (٧)حەوت نیشانەیئازایەتییە،ببێتە دەمڕاستی ئێوە لە کوێ؟ لە ناوچەیەك  کە بە درێژایی مێژووی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و تەنانەت دوای راپەڕینیش زۆرترین  قوربانیان داوە، ئەویش ناوچەی دەشتی هەولێرە.

بۆیە بەڕێز پارێزگاری هەولێر ئێستا یان ئەوەتا تۆش دەبێت هەڵوێستت هەبێت و رازی نەبی هەزاران تێکۆشەری دەشتی هەولێر دڵیان

برەنجیۆنائومێد بن ، لە کاتێکدا حەقیان بەسەر حکومەتی هەرێمەوە هەیە ، ئەوان بۆ ئەوە شەهیدیان نەدەدا لە حکومەتی کوردستاندا ،کە ئەوان سووتەمەنی شۆڕشەکە بوون، کوڕە ئەنفالچییەك بکەن بە نوێنەری ئەو حکومەتەو ، هەتادوێنێ کە بەعس هەبوو باوکی سەرپشك بوو، ئێستاش لە حکومەتی هەرێمی کوردستانا کوڕەکەی!!

بەرێز پارێزگاری هەولێر **لە هەمووش عەنتیکەتر ئەوەیە ،نەبەزی جاش و کوڕە ئەنفالچی،خزمەتی (٦)شەش ساڵ جاشایەتی خۆی ،کردۆتە (٦)شەش ساڵ پێشمەرگایەتی و بۆی کراوە بە خزمەت!!!!!بەڕاستی وڵاتێکی سەیرە!! هەر وەك فڕکانی تەیرە!!**

بەرێز پارێزگاری هەولێر ئەگەرچی من لە ئەسڵدا خەڵکی قەڵادزەم، بەڵام بەهۆی بەزۆر کۆچپێکردنی بەعس گواسترایینەوە دارەتوو ، تاساڵێك پێش ئێستاش هەرلە دارەتوو دەژیام ،بەڵام بەهۆی وەزعی تایبەتی خۆم ساڵێکە لە هەندەرانم، بەڵام خزموکەسەکانم ،برادەرو ناسیاوەکانم ئێستاش هەر لە دارەتوو دەژین و ئاگاداری زۆر شتن ، رۆژانە بە تەلەفۆن هەناسەی سارد هەڵدەکێشن ، تا سەر ئێسقان بریندارن و، پێویستیان بە چارەسەرێکی بنەڕەتی و مەوزوعی هەیە ،ئیتر ئەو رۆژە بەسەر چوو خەڵك هەر دەمی خۆی بگرێ. راستیەکەی دەمێکە دەمویست شتێك لەسەر ئەم مەسەلەیە بنووسم بەڵام کە ئەو نوسینەم لە کوردستان نێت خوێندەوە ،کە هەر بۆ بەڕێزت نووسرابوو،ئیتر دوای خوێندنەوەی نەمتوانی ئیدی بێدەنگ بم،ئێستاش ئەگەر زوو چارەسەری ئەم مەسەلەیە نەکرێ ناچار دەبین بە وەسائیلی جیا جیا لە ناوەوەو لە دەرەوە گوشار دروست بکەین ، چونکە ئەم کارە مەسەلەیەکی نیشتمانیی‌یەو پڕکوردایەتییە .بێدەنگ بوونمان دەبێتە بێ هەڵوێستی وتەنانەت خیانەتیشە .

هەواڵەکان دەبیسین  کە لە سۆران لەسەر گەندەڵی بەڕێوەبەری شارەوانی هەڵبژێردراو لە سەر کارەکەی لادرا ، ئەی باشە بۆچی ناکرێ‌کوڕە ئەنفالچییەك کە جگە لە خزمەتکردنی کۆنە رەفیق و کۆنە جەللادەکانی‌دوێنێ ، ئەمڕۆ لایبدەن کە بە تەعینیش دانراوە ؟؟

لە دۆماهیدا داوا دەکەم مەسەلەکە زوو بە زوویی چارە بکەی ،دەنا مافی خۆمانە هەموو رێگایەکی نیشتمانییانە بگرینە بەر بۆ رووخاندنی ئەو کوڕە ئەنفالچییە، پڕ بە دڵیش نیگەران دەبم ئەگەر خۆت بخەیتە  سەنگەری ئەنفالچیەکان .